# بۆچی گەنجان ناچن بۆ دەنگدان

**ئا. شاناز**

لەئـەمڕۆی کوردسـتاندا توێـژی خوێنـدکاران‌و لاوان توێـژێکی چالاك‌و بـە توانـان بـەواتای توێـژی گـەنجن برپڕەپشتی تواناو هەوڵـەکانی گـەل‌و وولاتن، بەلام کاتێ گفتوگۆ لەگەڵ هـەر گـەنجێك دەکـەین سـەبارەت بـە هەڵبـژاردن پرسـیاری لێدەکـەین ئایـا ئامادەی بچیت بـۆ دەنگدان یـاخود بەشداری دەکەیت لەهەڵبژاردن زۆر بە راشکاوانە دەڵێت نەخێر خۆم ئەزیەت نادەم بچم دەنگ بۆ کێ بدەم دەنگ بۆ پڕوپاگەنـدەی حزبـەکان یـاخود بـۆ چارەنووسە نادیارەکەی گەنجان بـدەم یان بۆ کێشە ئاڵۆزەکانی گەلەکـەمان.

لــە هەڵبژاردنــەکانی پێشــوودا حزب‌ولایەنــەکان‌و حکومــەت زۆر پروپاگەنـدەیان بـۆ خۆیـان کـرد زۆر گفتیان بە میللـەت دا بـەلام بەداخـەوە لە ٢٠٪ کارەکانیان ئەنجام نەدا بـەڵکو لەزۆر کاریاندا میللـەتیان دەمارگیرکرد وەك بەرزبوونـەوەی نرخـی شـتومەك‌و دابـین نـەکردنی شـوێنی نیشـتەجێ بـوون، بەرزبوونـەوەی نرخـی خـەیاڵی کرێی خانوو و دابین نەکردنی زۆرینـەی مافەکانی خـەڵك لەهـەموو بوارەکانـدا. هــەروەها جگــە لەمانــەش توێــژی خوێندکاران کە بێزاریەکی زۆریان پێوە دیـارە سـەبارەت بـەدابین نـەکردنی مافــەکانیان. وەك دابــین نــەکردنی پێداویسـتییەکانی بەشـەناوخۆییەکانی زانکــۆو پــەیمانگاکان، هــەروەها بڕینــەوەی موچــەی پێویســت بــۆ خوێنــدکارانی زانکــۆو پــەیمانگاو ئامادەیی. ئـەو دەرماڵەیـەی دەدرێتـە خوێنــدکاران تــەنها بەشــی چــەند ڕۆژێکیـان دەکـات بـۆ خـواردن‌و کرێـی سـەیارە جگـە لەپێداوییبسـتی تـریش.



هــەربۆ ئــەم مەبەسـتەش ڕاپرسـیمان لەناو گەنجان‌و خوێندکاران ئەنجام دا.

کـەمال ئەحمـەد: پیشـەی بەقاڵـە بۆچــی بچــم هــەر ڕۆژەو پــۆلیس حەرەبانەکـەم ڕاوئـەنێت ئـەی مـن هاولاتی ئەم وولاتەنیم بەچی بژێوی بۆ خێزانەکەم پەیدابکەم.

سـۆما محەمـەد خوێنـدکار ئـەڵێ: نەخێر دەنـگ نـادەم چونکە زۆرینـەی مافەکانیان بۆدابینەکردووین.

لەتیف م. خوێنـدکار دەڵـێ: کـێ حـەز بـەئازادی وولاتـی ناکـات بـەلام ئەمانـە وائەکـەن کـەڕقمان لـەوولاتی خۆمـان ببێتـەوە ئیمکانمـان هـەبێت وولات بەجێـدەهێڵین چـونکە خێـرو خۆشـی ئـەم وولاتـە تـەنها بۆچـەند کەسانێکی (لفا) لێیدەرن با فـەقیریش بۆخۆی بمرێ.

کــارزان بــەهادین: کاســبکار کەبەڵێنمان پێ ئەدەن پاش هەڵبژاردن پەشیمان ئەبنەوە بەو شـەرتە ئەچین بۆ دەنگدان بەلام ئێمە وەك کوردایەتی ویـژدانی خۆمـان ئاسـوودە دەکـەین، دژی تـیرۆ و عـەرەب پەرسـتی دەنـگ ئەدەین بەلام بۆ حزبەکان نادەین.

ژوان نـەوزاد: خوێنـدکار پـێش هەڵبـژاردن گفـت‌و بـەڵێنی زۆرمـان پـێ ئــەدەن بــەلام هەرکــە هەڵبــژاردن تــەواوبوو لەبەڵێنــەکانیان پەشـیمان دەبنەوە ئێمە وەك خوێندکاری زانکـۆو پــــەیمانگاکان پێویســـتمان بـــە دەرماڵەهەیـە هـەروەها دابـین کردنـی پیبداویستی‌یەکانی خوێندکاران بـەلام حکومــەت ناتوانێــت تــەنها چـینی خوێندکاران لەخۆی ڕازی بکـات ئێسـتا وەك جـاران نییـە گـەمارۆی ئـابووری لەسـەر عێـراق‌و هـەرێمی کوردسـتان هــەبێت بــەڵکو ئێســتا حکومــەت بودجەیــەکی باشــی هەیــە و زۆر دەوڵەمەنـدە ئایـا ناتوانێـت نێـوەی پێداویستییەکانمان

بۆ دابین بکات تاکو ئێمەش دڵمان بە هەڵبـژاردن‌و پڕوپاگەنـدەکان خـۆش بێت.

کاوە ئەحمەد سـەعید: دەرچـووی زانکـۆم ئـەگەر دەنگ بـدەم هـەرگیز بـۆ هێزە کوردستانیەکان نـادەم تـەنها بـۆ ئاسوودەیی ویـژدانی خـۆم کـەکوردم، چـونکە کــەخوێنکار خوێنـدن تــەواو دەکات. بەهەزار واسـتە ئـەگەر تـەعین بکرێن بـەڵکو بـەدڵی خۆشمـان نابێت لــەکوێ بــین یــان نــا بــەلام لایەنــە حزبیــەکان بۆکـاتی هەڵبـژاردن نــەك لەشوێنان‌و پڕوپاگەندە بۆخۆیان بەڵکو بەماڵانیشە ئەگەڕێن دەڵێن دەنگمان بۆ بدەن ئێمەی گـەنجانیش پێیـان دەڵـێن ئـەی بـۆ داخوازیـەکانمان بۆجێبـەجێ ناکەن. ئەم دەنگانەو چـەندین دەنگـی ترو چەندین هەواڵی‌تر لەزاری خەڵکەوە دەبیسـترێن بەرانبـەر بەجێبـەجێ نـەکردنی داواکـانی میللـەت‌و گـەنجان ئایـــا کـــەی ئـــەم داوایانـــەی بۆجێبـەجێدەکرێت پـاش هەڵبـژاردن خـۆ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان حکومەتەکــەی جەعفــەری نییــە کەمافەکانی کـوردو کـەرکوك پشـتگوێ بخـات. کوردسـتان خـاك‌و وولاتـی هەموانــە هــەموو لەهــەوڵی ئــازادی‌و سەربەستین بۆ کوردستان لەگـەڵ ئـەو هــەموو نارەزاییــە خــەڵکی کوردستان زۆرداری حزبـی بــەعس‌و کیمیابــاران‌و ئــەنفال‌و نەهامەتیــەکانی کــوردی بیرنەچۆتەوە ئێستەش کەتیرۆر جێی بەعســی گرتۆتـــەوە بۆخـــەڵکی کوردسـتان. باهـەموو ویـژدانی خۆمـان ئاسوودەبکەین ئەوانەی بـەڵێن ئـەدەن بەگـــەل‌و نیشــتیمان بەڵێنــەکانیان جێبەجێناکەن ئێمـەی گـەنجان بـەدڵ فراوانیــەوە بەدەنگـدانمان بۆلیسـتی هاوپەیمانی کوردی خەجاڵەتیان بکەین پێیـان دەڵـێین ئێمـە بـۆ ئاسـوودەیی کوردســتان بۆئــەنفال‌و کیمیابــاران بۆشــەهیدان بۆکوردســتان دەنــگ ئــەدەین نــەك بــۆ (کورسـی‌وگیرفان پڕکردنی حزبەکان)

# گوندی خاڵۆبازیانی، ڕەمزی بەرگری‌و، کێشەو کەم‌و کوڕیەکانی

**ن: هۆشیار عەبدولرەحمان**

گونـدی خاڵۆبازیـانی بەگـەورەترین گونـد دەژمێردرێـت لەناوچـەی قـەرە حەسـەن، کـە سـنووری ئـەم ناحیەی‌بە (٤٦) گونـد ئامـار دەکرێت. ئـەم گونـدە دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی شاری کەرکوکەوەو خاك‌و ئاوێکی بەپیت‌و بەرەکـەتی هەیـە، بەرلــە شــالاوی تــەعریب‌و ئــەنفال‌و سـووتماکردنی کوردسـتان ئـەم گونـدە نزیکــەی (٣٠٠)مــاڵ دەبــوو ڕێــژەی دانیشتوانەکەشــی خــۆی لــە (١٥٠٠) کەسێك دەدا، ئەم گوندە لەپێشکەوتن‌و خوێنـدن‌و ڕۆشـنبیرییەوە زۆر هـەنگاوی گــەورەی نــابوو، لــە دەوروبــەری چلەکانەوە قوتابخانـەی تێدا کرابـۆوەو بنکەی تەندروستی لە ساڵەکانی (١٩٦١) تێـدا دروسـت کرابـوو وە بـەرەسمیش لەسـاڵی (پـەنجاکان ) بـووە بەناحیـەو بەرێوبەری ناحیە دەوامـی ڕەسمـی تێـدا ئـەنجام دەدا، ئـەم گونـدە لـە ڕووی پێکهاتــەی کۆمەلایەتییــەوە لەچــەندین بنەماڵــەو عەشــیرەت پێکهــاتبوو لەعەشیرەتە دیارەکانی وەکو (زەنگەنەو تاڵــەبانی‌وبابان‌و هەمەوەنــدی‌و جاف‌و سەییدەکانی پیریایی چەمچەماڵ‌و چـەندینی دیکـە، بەپێچـەوانەی هەنـدێ شــوێن‌و گونــدی دیکــە، گیــانی عەشیرەتگەری‌و تائیفی لەم گوندە نەبوو بــەڵکو تــەبایی‌و ڕۆحــی کۆمەلایــەتی خەڵکی ئەم گوندە زۆر بەهێزبوو. بـەزۆر دیـاردەی دابونەریتـە دواکـەوتووەکانی کۆمـەڵگایان ڕەتـدەکردەوەو ململانێـی ڕەتکردنــەوەی بــیری دواکــەوتوویی‌و هەنگاو هەڵگرتن بۆ بیری پێشکەوتووانە لـەئارادابوو، ئـەم گونـدە چـەندین جار بەرهەڵمەتی تالان‌و بڕۆ سوتماك بوتەوە و لەساڵی (١٩٦٣) کە بەساڵی حـەرەس قەومییــەکان ناســرابوو عەشــیرەتە عەرەبــەکانی حەویجــەو دەوروبــەری هێرشـیان کردۆتـە سـەر ئـەم گونـدەو تــالان‌و بڕێــەکی زۆریــان لێ کــردووە، هەروەها لە حەفتاکاندا بارەگای لقی ٣ی (پ.د.ك) تێدابوو،لـەم گونـدە بـووە و دەوروبــەری چــالاکانە خــەڵك بــۆ خزمەتکردنی، شۆڕش ناتوانرێت نادیدە بگیرێت، هەروەها لەدوای ساڵی (١٩٧٤) و دەسـت پێکردنـەوەی شـەڕ لـەنێوان حکومـەتی بـەعس‌و پـارتی دیمـوکراتی کوردستان جارێکیتر ئەم گوندە کەوتەوە بـەر شـالاوی سـوپای بـەعس‌و چـەندین کـەس دەسـتگیرکراو چـەندین ماڵیـان سووتاندو تالانێکی زۆریان کرد، لـە دوای نسـکۆی شۆڕشـی (١٩٧٥) و لەگـەڵ دەسـت پێکردنـەوەی شۆڕشـی نـوێی گەلەکــەمان، ئــەم گونــدە زۆر بەپەرۆشـەوەو بـە سـنگێکی فراوانـەوە باوەشـیان بـۆ شـۆڕش‌و هێـزی پێشمـەرگەی کوردسـتان کـردەوە، هـەر لەسـەرەتای دروسـت بـوونی مـەفرەزە سـەرەتاییەکانەوە، ئـەم گونـدە بـووە بەبنکـەو حەوانـەوە و حەشـارگەی پێشمـەرگە، بۆیـە هـەڤاڵ (مامـە ڕیشـە)

پێشمەرگەی هەرە قارەمانی تیپی (٥٧) سەگرمە دەیگوت خۆشترین گوند لای من گونـدی خاڵۆبازیانی‌یـە، ئـەم گونـدە خـاوەنی (٥) شـەهید و (٧٠) ئـەنفال کـراوی هەیـە، کێشـەو گرفتـەکانی ئـەم گونـدە زۆرەو تائێسـتاش حکومـەتی هـەرێم وەك پێوێسـت ئـاوری جـدی لێنەداوەتەوەو هەر لەدوای ڕاپەڕینەکەی سـاڵی (١٩٩١) و تـا دروسـت بـوونی پەرلــەمان‌و حکومــەتی هــەرێمی کوردسـتان، بەرنامـەو کارەکـانی بـۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کوردستان زۆر هێــواش‌و لەســەر خۆیــەو، تارادەیــەکیش ئاوەدانکرنــەوەیان پشتگوێ خستبوو، دەبوایە حکومـەتی هــەرێم هــەر لەســەرەتاوە هــەنگاوی کردەیی بۆ ئاوەدانکرنـەوەی گونـدەکان دەست پێبکردایە چونکە ئەمـە دەبـووە هـۆی بوژاندنـەوەی ژێرخـانی ئـابووری کوردسـتان‌و پاداشـتێکیش دەبـوو بـۆ جوتیـارانی کوردسـتان‌و ئـەو خزمـەت‌و قوربــانی‌و ماندوبوونــەیان لەبەرانبــەر شۆڕش‌و هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئێسـتاش لـە دوای ڕووخانـدنی ڕژێمـی بـەعس‌و ڕزگـار کردنـی شـاری کـەرکوك هەلمەتێك بەرێوەیە بـۆ ئاوەدانکرنـەوەی گوندەکانی دەوروبەری شاری کـەرکوك، دیارە دەبێ ئاماژە بەرۆڵ‌و هەوڵی بـەڕێز کـاك (شـێخ بـایز تاڵـەبانی) وەزیـری دارایـی‌و ئـابووری حکومـەتی هـەرێمی سـلێمانی بـدەن، کـە هـەوڵێکی جدی‌وعەمـەلی دا بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی ئـەو گونـدە قارەمانـەو خۆشـی وەکـو یەکێك لەخـەڵکی گوندەکە دەسـتی بـە دروسـت کردنـی خـانوو و بوژاندنـەوەی ڕەزووبـاخ کـرد، هـەروەها چـاککردن‌و ڕێکخســتنی ڕێگاوبانەکــەی کەئەمــەش دەبێتە هۆی کـار ئاسـانی‌و هاتووچـۆ بـۆ خــەڵکی ئــەم گونــدە زەحمەتکێشــە. هـەروەها بریـاردان بـۆ جێبـەجێ کردنـی چــەندین پــرۆژەی خزمــەتگوزاری وەکــو دروست کردنی بنکەی تەندروستی‌و دوو قوتابخانــەی ســەرەتایی‌و دواناوەنــدی‌و مزگـەوتێك بـۆ گوندەکـە، ئـەم پرۆژانـە جێــی خۆشــحاڵی خــەڵکین‌و ئاهێــك بەمانــدوبوونی مرۆڤــدا دەهێنێتــەوە، هــەروەها دەبیــنین چــەند گــەنجێکی دڵسۆزو خۆ نەویست وەکـو ئەنجومـەنی گوندەکە قۆڵی مەردانەیان لێ هەڵکردووە و ڕۆژ و شەو دەخەنە سەر یـەك‌و ئیش‌و کار بۆ خـەڵکی ئـەم گونـدە رادەپـەڕێنن بۆیە جێگەی دەستخۆشـی لێکردنن. لـە کۆتایی‌و لەرێی ئـەم نووسینەوە داوا لـە بــەڕێزان ســەرۆکی حکومــەتی هــەرێمی کوردســتان‌و پارێزگــاری کــەرکوك‌و ســەرۆکی ئەنجومــەنی شــاری کــەرکوك دەکـەم کـە هـەوڵی دڵسۆزانەی زیـاتری خۆیـان بخەنـە گـەڕ بـۆ خـەرج کردنـی هاوکــاری مــادی‌و مەعنــەوی بــۆ ئــەم گوندەو سەرجەم گوندەکانی‌تر بۆ گەشـە کردن‌و پەرەپێدانی ناوچەکانی کەرکوك‌و دەوروبەری.

# گۆڕنکارییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دوای ڕووخانی سەدام

**نووسینی: محەمەد هادی**

**(ڕۆژی گەل ) بە کەمێ دەستکارییەوە وەر یگێڕاوەتە سەر کوردی**

تــا پــێش گۆڕانکارییــەکانی ئــەم دواییانــەی ڕۆژهــەلاتی نــاڤین، نەتــەوەی کــورد بــە نیشــانەی نەتەوەیــەکی ســەرگەردان‌و بــێ دەســتەلات لــەبواری فەرمانڕەواییەوە دەهاتە بەرچاوان، بـەلام لـەدواین گۆڕانکارییەکانـدا، کـە ئەمـەریکا بەمەبەستی: {لەنێوبردنی ڕژێمـی سـەدام، کۆنترۆڵکردنی چاڵە نەوتـەکانی ڕۆژهـەلات، بێمـەیلبوونی ئـەمریکا لەمەسـرەفی پێگـە ســەربازییەکانی لــەتورکیاو دەوڵــەتانی کەنــداودا، پەیــداکردنی ســپەرێك بــۆ پاراستنی ئیسرائیل‌و ڕاوەستان لەبەرانبـەر سەرەکیترین حکومـەتی دوژمن واتـە ئێـران، تـــەواوکردنی گـــەمارۆی دەورەی ئێـــران، سـازاندنی گۆڕەپـانێکی گـەورەی چـالاکی لــەپاڵ ســەرۆکایەتی فەرمانــدەیی ڕۆژهەلاتـدا}، هاتـە ناوچـەی ڕۆژهـەلاتی ناڤین‌و دەستکەوتی گەورەی بەدەستهێنا.

لەتـەك دەسـتکەوتەکانی ئـەمریکادا، کوردەکــــان زۆرتــــرین ســــوودیان لەگۆڕانکارییــەکانی عێــراق وەرگــرت، لەکاتێکـدا عەرەبـەکان بـە لەدەسـتدانی قارەمـانی خـەیاڵی خۆیـان واتـە سـەدام حوسێن داویین دیواری بـەرگریان ڕووخـاو ڕەوشـێکی ناجۆریـان بـۆ هاتـە ئـاراوە. لەسەرەتادا هێزەکانی ئـەمریکا کـۆنترۆڵی تەواوی خاکی عێراقیان کـرد، وایـان زانـی ئیتر ڕۆڵی کوردەکان لەباکوری عێراق تەواو دەبێ، بۆیە بێمنەتانـە بڕیـاری چـەککردنی هێـزی چـەکداری لایەنـە کوردییەکانیانـدا. بـەلام دوای سـەرهەڵدانی بـەرگری عەرەبـە توونـدڕەوەکان لەناوەڕاسـت‌و باشـووری عێــــراق دژ بــــەهێزەکانی ئــــەمریکا و پەیدابوونی نائارامی، ئەمریکا ناچار بـەرەو لای کوردەکــــان بایدایــــەوە و دنــــەی سەرکردەکانی کوردەکانی‌دا. سەرکردە بە ئەزموونەکانی کورد بە وەرگرتنـی گرەنتـی بـەڕێوەبردنی بـاکوری عێـراق (باشـووری کوردستان) بوون بـە هاوپـەیمانێکی باشـی نارەسمی ئەمریکا.

هاوکاری نێـوان ئـەمریکاو کوردەکـان ڕەوشێکی نوێی لەناوچـەکەدا بەرهـەمهێنا. یــەکێتی‌و یەکپارچــەیی کوردەکــان لەبەرانبــەر ســەنگەرگیری عەرەبــەکان، داواکردن بۆ بەفەرمی ناساندنی ناسـنامەی ئەوان‌و گەیشتن بەپلـەی بـالای دەسـتەلات لەعێراق‌و جێگیربوونی سیستەمی فیـدڕاڵی ئــەو ســەرکەوتنانەبوون کــە کوردەکــان بەهاریکاری ئـەمریکا مسۆگەریان کـرد.بـە یــەکێتی‌و هــاوڕایی لــەنێوان کوردەکــان‌و بـــەناکۆکی لـــەنێوان عەرەبـــەکان بـــۆ

هاوپـەیمانی لەگـەڵ ئـەمریکادا، حکومـەتی فیدڕاڵی لەدەسـتووری هەمیشـەیی دەنگـی بـۆ درا. نـاکۆکی‌و خـاڵی دژ بەیـەکی زۆر و فراوان لەناو ئـەو دەسـتوورەدا هەیـە. لـەم دەســــتوورەداکوردەکان ســەرپشــــکن لەهاوبەشـیکردن لەفـەرمانڕەوایی عێـراق‌و زۆرتـر ئامـاژە بـە سـەلامەتی خـاك کـراوە نەوەك یەکێتی خاکی عێراق، بەم شـێوەیە هــەرکاتێ کوردەکــان بیانــەوێ، دەتــوانن پارچەکردن‌و جودابوونەوە مسۆگەر بکەن‌و ســەربەخۆیی خۆیــان وەدەســت بێــنن. لەراســتیدا کوردەکــان بــەهۆی ئــەو دەستکەوتانەوە تاپێکهێنانی حکومـەتێکی سەربەخۆ ڕێگەیەکی تریـان نییـە، دەکـرێ بڵێین کە حکومەتێکی سەربەخۆی کـوردی دوورەدەســت‌و چــاوەڕواننەکراو نییــە هەرچەنـدە ئێسـتا کوردەکان ئـەو هـەنگاوە هەڵناگرنەوە و خۆیان بۆ ئامادە نـەکردووە لەوانــەش یــەکلایی نەکردنــەوەی چارەنووسـی کـەرکوك‌و هێشـتنەوەی بـۆ کۆتــایی ســاڵی ٢٠٠٧. لەراســتیدا پارچــەبوون‌و ســەربەخۆیی بزاڤێکــی حــەتمی‌و ئایندەیـەکی نزیکـی کوردەکـان دەبــێ، هەرچــەندە لەبــەر هەسـتەوەری دراوســێکانی عێــراق ئــەمڕۆ فیــدڕاڵی لەچوارچـێوەی عێـراق داوا دەکـەن بـەلام باکوری عێراق بۆخۆی دەبێتە حکومەتێکی سەربەخۆ، لەکاتی وەدیهاتنی ئەو ئامانجە پەیوەستبوونی کوردەکانی دیکە بەوانـەوە کارێکی ڕوون‌و ئاشکرایە.

گۆڕانکارییــەکانی بــاکوری عێــراق (کوردســـــتانی باشـــــوور) بــــەهۆی هاوڕەگــــەزبوون‌و یەکنەتــــەوەیی‌و هاوسـنووریەوە کاریگـەری خـۆی لەسـەر ناوچــە کوردنشــینییەکانی ولاتــی ئێمــە دادەنـێ. لەلایـەکی دیکەشـەوە قـەیرانی ڕۆژئــاوایی ولات بــەگوێرەی بەڵگــەو ئاماژەکان ڕاستەوخۆ بـە گۆڕانکارییـەکانی عێـراق گرێـدراوە و لەژێرکاریگـەری ئـەوێ دایــە. چاوخشــاندان بــەبلاوکراوەکان‌و گۆڕانکارییەکانی فەرهەنگی ناوەخۆی ولات باس لەپەیوەندی نەتەوەیی لەگەڵ باکوری عێـراق (باشـووری کوردسـتان) دەکـەن. کوردەکــان بــۆ گەیشــتن بــە حکومــەتی ئارمـانجی لەتـەواوی بارودۆخـەکان سـوود وەردەگرن. ڕایەڵەکانی میدیای کوردی بـە سـوود وەرگـرتن لەکێشـەکانی نەتـەوەیی بــالاترین ڕۆڵ کایــە دەکــەن، گومــان لەوەدانییــە کــە کوردەکــانی دیکــەی دراوسـێش بـۆ گەیشـتن بـە حکومـەتی ئارمـانجی یـەکگرتوو دەبـن. کوردەکـانی

عێـراق بـە هـۆی وەدەسـتهێنانی فیـدرالی گەورەترین پارێزەری کورد دەبن و ڕێبەری کۆمــــەڵگاکانی دیکــــەی کــــوردی مسـوگەردەکەن. کوردەکـانی ئێـران تـا ئێســتا لــە ســەرکەوتنی یــەکجارەکی کوردەکـانی عێـراق دڵنیانین،ئەگـەرنا لەلوتکـەی قـەیران سـوود وەردەگرن‌و بۆ گەیشـتن بـەئامانج لاسـایی کوردەکـانی بــاکوری عێــراق دەکەنــەوە و لــە مەترسییەکان ناترسن.

ئێستا ناوچە کوردنشینییەکانی ئێران ڕەوشێکی تایبـەتی هەیە،لەسـەرێکەوە لـە سەرکەوتنی یەکجارەکی کوردەکانی عێراق دڵنیـانین، لەسـەرێکی دیکەشـەوە هەسـت بەو گۆڕانکارییە فراوانەی ئابووری دەکـەن کـە ئێسـتا هـەنگاوی بـۆ هەڵدەگیرێتـەوە. لەبەرئەمــە ئــەم بزاڤــە لەلایــەن تێکـڕای خەڵکەوە پشتیوانی لێناکرێ. سەرچاوەی ئــەو قەیرانانــە بــۆ گللــەیی و گازانــدەکانی پێشوو، بۆ بێ میهرەبانی و بێبەشیکردنی ناوچــە کوردنشــینەکان لــە پێشــکەوتن دەگەڕێتــەوە، کــە ئەمــەش ڕێگرێکــی ئاشــکرای یــەکێتی نێــوان دەســتەلات و کۆمەڵگــەی کــوردەواری پێکــدەهێنێ. گۆڕاناکری‌یـە پێشـبینراوەکانی دەورەی ٨ سـاڵەی بـەناو ڕیفۆرمخـواز، کـە کۆمەڵگـە چـاوەڕوانی گۆڕانکـاری گـەورە، لەوانـەش ســازدانی دادپــەروەری کۆمەلایــەتییان لێــدەکرد، ســەرکەوتوو نــەبوو. بۆیــە لەنۆیــــەمین دەورەی هەڵبــــژاردنی ســەرکۆماردا، کوردەکــان بــە ڕێژەیــەکی یــەکجار کــەم بەشــدارییان کــرد، ئێســتاش چـاویان لەسـۆزو بەڵێنـەکانی سـەرکۆمارو پرۆسەی دادپەروەری کۆمەلایەتی بڕیوە.

ئەگـەر دادپـەروەری کـە بەرنامـەی سەرەکی دەوڵەتی نوێیە لەبەرچاو بگرین، دەبــێ بەشــی بەرێوبــەری ناوچــەیی کــە بەگوێرەی شیاوی‌و لێهاتووی پلەی بـەرزتر وەربگــریێ‌و بــەهای زۆرتــر بــە گیــانی نیشتیمان پەروەرانە ببەخشێ، پەیوەنـدی نێـوان دەسـتەلات‌و خـەڵك پتـەو و قـایمتر دەکات.

ئەگەرچی خواستەکان بەشێوەی نـە تەوەیی‌و کۆمەلایەتی بەشێوەیەکی جیاواز سـەرهەڵدەدەن، بـەلام ئەگـەر لـەهزری خۆمانـــــــــەوە ڕێگـــــــــە بەپارچەبوون‌وجوودابوونەوەی ناوچە کورد نشــینەکان نــەدەین، باشــتروایە کــە داخوازییــە کۆمەلایەتییــەکان جێبــەجێ بکەین‌و بـزانین کـە داخوازییـەکان لـەنێوان خانـەوادەی گـەورەی ئێـران دایـە، ئەگـەر دادپەروەرانە خواستەکان چارەسەربکرێن گیـانی یـەکێتی‌و هاوبەسـتەگی لـەنێوان کۆمەڵگە زیاتر دەبێ ئەگەر داخوازییەکانی کۆمەلایـەتی بـەفایلی بـاش بگرینـەوە و بەخواســتی خێزانــی نــاوی بــەرین، کێشــەکانمان کەمتردەبێتــەوە. نــابێ بێدەنگی لەناوچە کورد نشیەکان بـەواتای ڕازی‌بـوون لێکبدەینـەوە، چـونکە لـەنێو بێدەنگی‌دا واتای زۆر هەن کە لەنێو هاوارو فریا دانین. لەنێو بێدەنگی‌دا هەموو شتێك چـاوەڕوانکراوە، ئامـادەیی شـاراوەی نێـو بێــدەنگی، تۆقێنــەرو ترســناکە. لەروانگەیـەکی تـرەوە چـەندە زێـتر بـۆ قوڵایی فەرهـەنگی کۆمەڵگـەی کوردەواری شـۆڕببینەوە لەسەرچـاوەی فەرهــەنگی ڕەســەنی ئێرانــی نــزیکتر دەبینــەوە، هەرچەندەش گرنگی بەناسنامەی کوردی لەچوارچێوەی ئێران بدەین بەو ئەندازەیە خزمـەت بەکێشـەی نەتـەوەیی لـەباکوری عێراق دەکەین‌و تێیان دەگەین.

لاوانی ناوچە کورد نشینییەکان وەك زۆربــەی لاوانــی ئــەم ســەرزەمینە لــەبوارەکانی زانســتی‌و پێشــکەوتن بەهرەمەنـد بکـرێن، ئامـادەبوونی ئـەوان لەبنکــەکانی پــەروەردەو فێرکردنــی سەرانسـەری ولات، ئامـادەبوونی ئـەوان لەڕەهەنـدەکانی فێرخـوازی بەرجەسـتە دەکات.

لەراســتیدا ســپاردنی پۆســتەکانی کارگێڕی بەڕێوبەری ناوچـەیی‌و هەرێمـەیی بـەکوردەکان، ئـەوان لەدەسـتەلات نزیـك دەکاتــەوەو دڵگــەرمتریان دەکــات. کوردەکان لەبەڕێوبەر ێتیدا وردبینی زیاتر دەکـار دەکـەن‌و شایسـتەیی‌و لێهـاتووی خۆیــان دەردەخــەن تــا دەرگــە بــۆ بەڕێوبەرانی ناوچەیی فراوانتربکرێ. ئەگەر لەهەندێ شوێندا لەناوچە کوردنشینییەکان بەڕێوبەرێتی ناوچەیی سەرکەوتوو نەبوون، هۆکارەکـەی بـۆ حـزب سـالاری دەوڵـەتی ڕیفۆرمخواز دەگەڕێتەوە کە ئەوان لێبڕاوانە خواسـتەکانی دەوڵـەتیان جێبـەجێ کـرد. دەتـوانین بڵـێین گوێڕایـەڵی بەڕێوەبـەرانی کورد لەدەستەلات کاریگەری ڕاستەوخۆی حاکمانـدا هەیـەو وەرچـەرخانێکی گـرنگ دەبـێ. ئارایشـی سیاسـی لەکۆمەڵگـەی کوردەواریـدا چـەند واتـای نییـە، هەڵـەی کەسانی دەستەلاتداربوو کەماوەیەك ڕیزی ئارایشـی سیاسـی بـۆ نێـو کۆمەڵگـەی کــوردەواری شــۆڕکردەوە. لەڕاســتیدا سـەنگەری چـەپ‌و ڕاسـت لەکۆمەڵگـەی کوردەواریـدا بـوونی نییـە. وابەسـتەیی‌و دژایـەتی بـە دەوڵـەت هەیـە. ڕوانەگـەی چـەپ‌و ڕاست تـەنیا وێنا کردنـەو بـەس. کێرڤـــی بەڕێوەبـــەرێتی کوردەکـــان لەناوچەکەدا نیشان دەدات کە ئەوان زیاتر خزمـەت دەکـەن بـەلام بەشـداری بـوون لەگرایشی سیاسیدا تەمـەنی ئـەوان کـورت دەکاتــەوە. ئــەوان زیــاتر بــیر لەمانــەوە دەکەنەوە بۆ ئەوەی زیاتر خزمـەت بکـەن نــەوەك ئەندێشــەو شــێوازی مانــەوەیان لەلاگرنگ بێ.

ســـەرەڕای هـــەموو ئـــەو کێشـــە نەتەوەییانــەی کــە کوردەکــان هەیانــە، بـەگوێرەی ئـەو تێبینییانـەی کـە باسمـان کـردن، مـەیلی بـەرەو دەروە بـردن نییـە، پێداویســتییەکان وەلامگــۆی نــاوەخۆیی بەرجەســتە دەکــات. وەلامگــۆیی نــەك بەواتای بێدەنگی، بەڵکو بەگوێرەی گیـانی دادپــەروەری کۆمەلایــەتی‌و ڕاســتی کــە دەوڵــەتی نــوێ بانگەشــەی بــۆ دەکــات دەخــوازێ ڕابــردوو قــەرەبوو بکرێتــەوەو ژیانێکی ئاسوودەو ئارام بنیاتبنرێ.

ئـەو چـاوەڕوانییانەی کـە کوردەکـان لەدەوڵـەتی نوێدا هەیانـە، دەتـوانین بـەم شێوەیە کورتییان بکەینەوە:

{لابر دنی چاودێری ئاسایشی لەسـەر ناوچــە کــورد نشــینەکان. بەشــی کــورد لەبەڕیوەبەرێتی ناوچەیی‌و هەرێمی لەسـەر بنــەمای شایســتەگی‌و لێهــاتوویی بــدرێ. دابینکردنــــی بەختــــەوەری‌و ئاسایشــــی گشتی‌و نیازەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری. فەراهەمکردنی بواری بەشداریکردن گشـتی لەکارپێکرنــــدا. بایەخــــدان بــــەبواری فەرهــــەنگی فرەزانــــان‌و ئەندێشــــەی هزرەوانان. پێشخستنی بواری فەرهـەنگی‌و دابینکردنی شوێنی بـاش بـۆ پڕکردنـەوەی کــاتی بێکــاری لاوان. ڕێگــە خۆشــکردنی پێویســت‌و هانــدان لاوانــی ولاتپــار ێــز تــا بتــوانن لــەدەزگاکانی نیزامــی‌و دەوڵەتیــدا وەربگیرێــن. کوردەکــان لەپۆســتەکانی دەوڵــەت بێبەشــنەکرێن، لەبــەڕێوەبرێتی ناوچەیی‌و هەرێمیدا بـەگوێرەی لێهـاتوویی خۆیــان کاریــان پێبســپێردرێ..} بــەم شــێوەیە بــاوەڕی لــەنێوان کۆمەڵگــەی کــوردەواری دروســت دەبێــت. ئــەرکی لەپێشــی دەوڵــەت ســازدانی عەدالــەت‌و دادپــــەروەری کۆمەلایەتییــــە کەئومێــــدی هەمووانە.

یـــەکێتی نێـــوان ناوچـــە کـــورد نشـــینەکان‌و دەوڵـــەت لەهـــەموو کاتێـــك پێویسـت تـرە. دەرکـەوتنی دەسـتەلاتی فیــدڕاڵی لەدراوســێی ڕۆژئــاوای ئێمــەدا هاوکاتە لەگەڵ دەستەبەکاربوونی دەوڵەتی نوێ بەدروشمی عەدالەتخوازییەوە، خەڵکی ئەو ناوچانە چاوەڕوانی تایبـەتییان هەیـە. لەدەوڵـــەتی ڕیفۆرمخوازیـــدا ســـپاردنی بەڕێوەبــەرانی خۆجێیــەتی بــەکوردەکان لەناوچە کوردنشینییەکاندا لەبەرژەوەندی حزب سالاری بوو، بەلام کاریگەری ئەوتۆی نەبوو، بەلام چاوەڕوانی خەڵکی لەدەوڵەتی نوێدا ئەوەیە کە بەڕێوەبەرانی خۆجێیـەتی نـەوەك لـەدەورەتی پێشـوو کـەمتر نـەبێت بەڵکو زۆرترو بەتواناترین، پێویستە بزانرێ کە لەنێو کوردەکاندا بەڕێوەبەری لێهاتوو هــەبوون کەچــی چــەرخی حــزب ســالاری دەوڵــــەتی ریفۆرمخــــوازی بــــەبیانۆی ئوسولگەرایی ئەوانی دوورخستەوە.